کەمیسیۆن ... درێژکردنەوەی ماوەی تۆمارکردنی ناوی حزب و هاوپەیمانێتیکان

ئەمڕۆ سێشەممە، کەمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن وادەی تۆمارکردنی ناوی هاوپەیمانی و حزب و لیستە تاکەکەسییەکان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق، تا کۆتایی دەوامی فەرمی رۆژی ٢٠ـی ئەم مانگە درێژکرایەوە.

جومانە غەلای، وتەبێژی کەمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند، کە گشتیی ئەو حزبە سیاسییانەی کە مۆڵەتیان پێدراوە لای کەمیسیۆن تۆمار کراون ٣٣٥ حزبە و لە ناویاندا زیاتر لە ١٠٠ حزبی کۆن خواستی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن نیشانداوە.

وتیشی، هەزار و ٧٩ ناوەند لە عێراق بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران کراونەتەوە و تاوەکو ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە عێراق و هەرێم تۆماری بایەمتریی دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوێکردووەتەوە.